# نە هەڕەشەی کوشتن و نە تیرۆر ناتوانێ بەر بە پەرەسەندنی دەنگی ئازادی و یەکسانی خوازیمان بگرێ!

ڕۆژی 2007/2/26 هۆزان محمود هەڵسووڕاوی ناسراوی بزوتنەوەی ژنان و نوێنەری ڕێکخراوی ئازادی ژنانی عێراق لە دەرەوەی وولات، لە لایەن تاقمە تیرۆریست و ئینسان کوژەکەی "ئەنسار ئیسلام" ەوە بە کوشتن هەڕەشەی لێکرا.

ئەم هەنگاوە ترسنۆک و زەبوونانەیە، بە دووای هەوڵ و خەباتێکدا هاتۆتە ئاراوە کە هۆزان محمود و ڕێکخراوی ئازادی ژنان لە ماوەی ڕابردوودا بەدژی ئیسلامیزەکردنی عێراق بە یاساو شەریعەتی ئیسلامی ئاڵاهەڵگری بوون و بەشوێن خۆیدا سەرنج و پشتیوانی چەندین ڕێکخراو و کەسایەتی ئازادیخوازی لە ناوچەکەو دنیادا هێناوەتە مەیدانەوە. بە تایبەتیش لە چەند ساڵی ڕابردوودا کارو چالاکیەکانی هۆزان محمود بەدژی کارنامەی ڕەش و کۆنەپەرستانەی ئیسلامی سیاسی و باندە تیرۆریست و ئینسان کوژەکانی چ لە عێراق و چ لە جیهان فشارێکی گەورەی ڕادیکالیزم و ئازادیخوازی بە ڕووی بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسیدا بەرجەستەکردۆتەوەو هەر ئەمەش چەقۆکێشان و تیرۆریستانی ئیسلامی سیاسی ناچارکرووە کە هستریا بیانگرێ و وەک پیشەی هەمیشەییان پەناببەن بۆ هەڕەشەی کوشتن.

بەڵام لە حوکمی کوشتن و تیرۆری هەڵسووڕاوانی سیاسی یەوە تا تەقاندنەوەی ئارایشتگا و بەردەبارانکردن و کوشتنی ناموسی ژنان، تا سەربڕین و ئینسان ڕفاندن و فەتوای نوسەران و هونەرمەندانی ئازادیخواز، تا تەقاندنەوەو بۆمبە خۆکوژیەکانی ئیسلامی سیاسی و هەموو دادگاکانی ئیسلام و شەریعەت تەنها و تەنها بۆ ئەوەیە کە دەسەڵاتداریتی ڕەش و نەگریسی ئیسلامی لە ڕێگای مەرگەوە بەسەر کۆمەڵگای جیهانیدا دەسەڵاتدار بێت و دەستی کۆنەپەرستانەی ئیسلام بەسەر ژیان و کردەوەی خەڵکەوە درێژبێت.

هەڕەشەی کوشتن لە هۆزان محمود جارێکی تر بەڵگەی ماهیەتی دڕندەیی و ئینسانکوژی ئیسلامی سیاسی یە. بەڵگەیە بۆ ئەوەی ئەم دەستەوتاقمانە نامۆن بە ژیانی هاوچەرخ و ئارامی کۆمەڵگای سەردەم. بۆیە دەبێت بەو پەڕی تواناوە بەرپەرچی هەر جۆرە هەڕەشەیەکی کۆنەپەرستانی ئیسلامی سیاسی بدرێتەوە. دەبێ بۆ بەرگریکردن لە ئازادی بیروڕا و هەڵسوڕانی سیاسی و پاراستنی ئەمنیەت و ئارامی کۆمەڵگا، خەباتی کۆمەڵانی خەڵک رووی لە دەستکۆتاکردنی ئەم دەستەو تاقمە ئینسان کوژانە بکرێ. نابێ ڕێگابدرێت بەم چەقۆکێشانە تیرۆریزم و ئینسان کوژییان ژیانی خەڵکی ئازادیخواز بخاتە نائارامی یەوە.

ئەم هەرەشەو گورەشانە هەرگیز ناتوانێت بەر بە خەباتی ئازادیخوازانەمان بگرێت. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بە پشتیوانی جەماوەری ئازادیخواز و سکولار بەوپەڕی هوشیاری یەوە ئامادەیە بۆ بەرپەرچدانەوەو پوچەڵکردنەوەی پیلانی تیرۆریستان.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

**ڕێکخراوی دەرەوە**

**5.03.2007**